# لەدووتوێی ژانێکا

● دڵسۆز عبدالرحمن سۆرانی ●

لەناو دەرگای ژوورەکەتا دۆش دامابوویت ، خەرمانی خەمەکانت بەبا دەکرد ، سەری گلۆڵەی بیرکردنەوەت ئاڵۆزابوو ، دەمارەکانی مێشکت نامۆ بووبوون ، ژانەکانت دڵیان دەگوشیت ، ڕیچکەی کاروانێ فرمێسك لەناو گەرووتا پەنگی خواردبۆوە ، زووخاویان ئەچۆڕانە سەر دڵت و سیەکانتی دائەڕزان ، چەند دڵۆپێکیش لەکەناری پێڵووەکانت ڕاکشابوون جارجارەش گلۆر دەبوونەوە بەناو دێراوی لۆچەکانی دەم و چاوتا ئەڕژانە سەر زەویە گڵەکەو کەمێ لەئازارەکانتی لەگەڵ خۆیا گۆڕ دەکردو سکونایی دڵت دەهات ، پرچە سپی یەکانت چاویان تێ بڕیبوویت و لەگەڵ هەڵژینی خەمەکانتا زیاتر کاڵ دەبوونەوە هەستی تەنهایی و بێکەسی قەفەزی سنگتی گرووشی بوو ، دەستی خستبووە بینە قاقای تیشکی خۆرەکەو سەری دنیات لێ هاتبۆوە یەك ، هەوری خەمێکی تووڕە باڵی بەسەر ئاسمانی چاوە بچووك و کزەکانت کێشابوو ، دەریایەك شەپۆلی تووڕە لەناختەوە گێژی ئەدایت ، ئەژنۆکانت لەناو برسێتی و بێخەمخواریا ئەلەرزی ، تابلۆی سیما پیرو بێدەرەتانەکەت ڕۆمانێکی پڕ کوێرەوەری و هەژاری لەناو پەڕاوی دێراوەکانی دەم و چاوو ئەودیو چاوە کزەکانتەوە خۆی حەشاردابوو ، تاووتوێی دەرمانی چارەسەرکردنی نەخۆشی یەکەی «سەربەست» . هەموو بیرەوەری یەکانتی لەخۆیا خنکاندبوو ... چارت نەما .. نابێ هەروا مەرگ بە ئارەزووی خۆی گاڵتەی پێبکات ، نەخۆشی بەهەوەسی خۆی هەڵشڵەپێنێ ، دواجار بڕیارێك لە مێشکتدا خوولی خوارد ، سەری گلۆڵەیەکی ئاوەژووی دایە دەست هەنگاوەکانت ..

«هیچ عەیب نی یە گەر لای وەستاکەی پارە بێنم و بیبەمە لای دکتۆر دوای چاك بوونەوەی بەقەرز ئەیداتەوە ، بەڵام تۆ بڵێی «سەربەست» ڕازی بێت ڕەنگە بزانێ پارەم قەرزکردووە هەر لەگەڵیشم نەیەتە لای دکتۆر ، قەیناکە دکتۆر ئەهێنمە سەری ڕەنگە نەیەلێ فەحسی کات ، دیارە سەری سوڕدەمێنێ و لێم دەپرسێ چۆن توانیم دکتۆر بانگ بکەم» .

دیسانەوە بڕیارەکەت نوشستی هێناو ساردبوویتەوە کەوتیەوە سێودوو کردنی دڵی خۆت .. «جا با تووڕەبێ باجوێنیشم پێبدات ، گرنك ئەوەیە چاكبێتەوە ، نەخۆشی یەکەی لەکۆڵ بکرم ، دوای هەفتەیەك هەموویمان بیردەچێتەوە ئەویش بەدەم ئیشکردنەوە قەرزەکان ئەداتەوە» . کەمێ تروسکایی هیوا لەتاریکستانی دڵە لاوازەکەتا داگیرساو دڵی خۆت دایەوە . بێوەستان هێزت دایە بەر ئەژنۆکانت و هەستایتە سەرپێ ، لەگەڵ نوشتانەوەتا دڵۆپێ فرمێسك خلیسکایە سەر زەویەکەو دەسبەجێ هەڵمژی ..

«منیش وەك ئەو زەویە تێنووم .. نەبوونی دەمی برینەکانمی شەقار کردووەو دەمی بۆ دەرمان داپچڕیوە دەرمانیش داوای پارەم لێدەکات .. پارە .. پارە ..» پێت نایە ئەو دیو دەرگای ژوورەکە دیمەنی «سەربەست» چرنووکی لەدەمارەکانت گرت و درکی لەسەر دڵتا چەقاند «لەسەر لبادە شڕەکە ڕاکشابوو گێنگڵی ئەدا بیلبیلەکانی ببوونە ماسی یەکی سەرشێت و لەدەریای چاوەکانیا مەلەیان دەکرد جارجارەش شەپۆلی

فرمێسك لەتەلبەندی کەناری برژانگەکانیەوە دەربازئەبوون و بەسەر ڕومەتە لاوازو زەرد هەڵگەڕاوەکانیا هێڵێکیان ئەکێشا پێلوەکانی سیس بووبوون ، لێوەکانی ووشك و هەڵپزرکابوو ەبەر شالاوی چرنووکی دانەکانیا ئەلەرزی جێ پێی دوو ـانی شاشیش لەسەر لێوی خوارەوەیا جێمابوو سەر تا خواری قۆپچەی کراسە چەورو گریساوی یەکەی ترازانبوو پەراسووەکانی لەدەرابەی دوکانی ئەکرد بووبوە حەشارگەی هەزارەها ئاوات و خەونی ڕەنگاوڕەنگ کە وەکو ملوانکە خۆی نەگەردنی دڵیەوە ئاڵانبوو ، قژە زەردو لوولەکەشی هێندەی تر ئاڵۆزو شپرزەیان کردبوو وەکو دڕك چەقیبوونە لا مل و ناوچەوانی جارجارەش کە ئازارەکەی چنگی دەخستەوە ناو سکی و ڕیخۆڵەکانی بەیەکا ئەگوشی وەکو مار لوولی ئەخواردو بەچنگ زەویە گڵەکەی هەڵدەکەن و جیهانی دووەمی بەرچاو دەخست وەکو باوەشی بەخۆشەویستێکی نزیکیا بکات لبادەکەی ئەنووسان بەخۆیەوەو بەقەپ ئەکەوتە وێزەی لەنێوان دانەکانیا جیرەی دەهات ، قەفەزی سنگی تەسك ئەبوە سی یەکانی لێك ئەئالان و بەپەلە پروزێ هەناسەکان گوزەریان دەکرد ، دڵی دەکەوتە تەپەتەپ و بەهەرچوار پەل سەمای دەکرد ، لەشی ببووە پشکۆیەکی سوورو گڕی لێ بەرز ئەبۆوە …

ئەم تابلۆ گڕاویە ئاگردانی ناختی بەجۆش هێناو کەللەتی هێنایە کوڵ .. دەسبەجێ عەبا ڕەنگ ژەنگنەکەت لە لەش و لارە لاوازەکەتەوە ئاڵان و بەرەو دوکانەکەی وەستا هەنگاوەکانت گرت بەکۆڵەوە ڕێگاکە لەبەر چاوتا درێژبووبووە هەرچەندت دەکرد هەنگاوەکانت پێی ڕانەدەگەیشت وەك بتەوێ ڕقی دڵت بەسەر زەویەکەیا بڕێژی پێت لە زەویەکە توندتر دەکرد گەیشتیتە سەر شەقامە تەسك و تاریکەکە لەدوورەوە دوکانە چەورو گریساویەکەی وەستابۆت پێدەکەنی دڵت کەوتە پەلەپەل چرنووکی لەپەراسوەکانی سنگت دەگرت و دەیویست دەریێتە دەرەوە ئەژنۆکانت ئەلەرزین . سەرنجت پرژانە دەورو بەرو ناو دوکانەکە .. «ئەفەندیەکی لاوازی لووت درێژی سەر ڕووتاوە لەتەنیشت دوکانەکەوە چەقیبوو ، دەستێکی کردبووە چەنەی ، چاوە بزەکانی و دەستەکەی تری وەکو کۆلارە بەدەست منداڵە قژ زەردو سپی کە لەکەوە ئەهات و ئەچوو لەوە ئەچوو کە مانی گرتبێ بەچوارپێنجێکیش بەربونە گیانی ئۆتۆمبیلە گیلاسی یەکە لەبەر خۆڵەکەیا ئەبریسکایەوە وەستاش لەبەردەم کاڕادا بووبوە نەمام و قسەی بۆ دەکرد جارجارەش منداڵەکەی ئەدوان و ڕوومەتە خڕەکانی ڕائەکێشا … کەمێ سڵەمیتەوە تاکە خونچەی هیوات سیس بوو ، قێزت لەوەستاو دووکانەکەی کردەوە باری گرانی خەمەکەت هێندەی تر قورس بوو بەگران هەنگاوت دەنا لاشەی خۆتت بۆ هەڵنەئەگیرا بەلای دووکانەکەدا تێپەڕیت خۆت وانیشاندا کە بۆ یەکەمجارە بەم ناوەدا گوزەر بکەیت بەلام گوێچکەکانت هەموو سرپەیەکی ناو دووکانەکەی قووت ئەداو سۆراخی بیستنی ووشەیەك بوویت کە بۆنی ئیش کردنی «سەربەست»ی لێبێت بەلام نەبوو وەستای دەمڕوت هەگبەیەك مەرایی بەسەر کابرادا قلپ کردەوە :

ـ تەشریفتان دەمێکە لەپاریس گەڕاونەتەوە ؟ یاخوا بەخێر بێنەوە .. ئێی عەمەلیاتەکەی هێڤی خان سەرکەوتوو بوو ؟ .. بێگومان لەوێ نەك عەمەلیاتی کورچیلە هی دەماغ و دڵیش دەکەن . تا زیاتر دوورئەکەوتیتەوە شەپۆلی قسەکانی وەستا هێواشتر ئەیدا لەکەناری بیستنی گوێچکەکانت و بێزت لەقسەکانی دەکردەوە ، ووشەکان لەمێشکتدا دەستەو یەخەی یەکتر ئەبوون .. لەژێر بەرداشی تاووتوەکانتدا بوتنەئەهاڕاو ووردو خاش نەئەبوون .. «سەربەست» ڕاست دەکات چون داوای پارمەتی لێبکەم هەفتەیەك زیاترە نەخۆشە هەرلێشی نەپرسیوە خۆ ڕەنگە پێشی بلێم «سەربەست» لای تۆ شاگرد بوەو نەخۆش کەوتووەو پێویستی بەپارە هەیە بۆ دەرمان هەر خۆشی هەڵە بکات ، ڕەنگە بلێت «سەربەست» ناو لای ئێمە نەبووە ، ڕەنگە شاگردەکان هەمووی کۆبکاتەوە ئەوانیش لەبەر خۆیان لایەنی وەستا بگرن دوایی چەند شوورەیی یە .. بۆ «سەربەست» ..

کاتێ بەخۆت زانی شەقامەکەت جێهێشتبوو بەدەست بەتاڵی و کوڵێ خەمی تازەوە ملی کۆڵانە خوارو خێچ و داڕوو خاوەکانت گرت دەروازە تەختەکە دەمی بۆ کردیتەوە ڕەنگە یەکێکی نەشارەزا بەم ناوەیا بڕوات خۆی پێدا بکات وابزانێ ئەمیش کۆڵانە نامەقیشی نی یە ، سەرایەکی دووردرێژی گڵ ، داڕوو خاوو رزیوە ، دە دوانگزە ماڵی ئاوارەو بێدەرەتانەکانی

شاری تێڕژاوە مندالاکانیان رژاونەتە یەك و لەحەوشەکەیا ئەچن بەیەکا بەدەروازەکەیا نەبێ هەر لەکۆلان دەچێ خۆت کرد بەدەمی نەهەنگەکەیاو لە هەیوانی شەشەما گیرسایتەوە خۆرە تاوەکەش مێشکی کولانبوویت عەبا رزیوەکەت بە سنگێکی بەر هەیوانەکەیا هەلواسیو خزایتە ژووری ، «سەربەست» لەسەر لبادەکە ئارام بووبوو خامۆش بووبۆوە . موچرکێك لەتەوقی سەری دایت و لە کەلەموو ستی پێتەوە دەرپەڕی هەستت ڕاگرت لێی نزیك کەوتیتەوە لەژوور سەریا بەچۆکا هاتی «وەستا .. دووکان .. ئەفەندی .. مندالە گووپ خڕەکە .. عەمەلیاتەکەی هێڤی خان ..» وەکو خەوێك بەبەر ئاوێنەی مێشك و چاوتا تێپەڕی سەرت بەسەر دەم و چاوە زەردو لاوازەکەیا شۆڕ کردەوە چاوەکانی لەدەریای خەوێکی قولا تقووم بووبوون دەستی ڕاستی لەسەر سکی دانابو ، دەستی چەپیشی بووبوو بەژێرخۆیەوە ، دەستی چەپیت بەرزکردەوە وەکو پەڕۆ خزایە خوارێ دەستت بەسەر ڕومەتەکانیا گێرا لەوەجاخی ژوورەکەتان ساردو سڕتر بوو وەکو شێت بەدەوریا ئەهاتیت و ئەچویت ..

- سەربەست .. سەربەست گیان .

- ...

«سەربەست» لەدوتوێی ژانەکەیا کۆچی کرد لەجیهانی دووەما بووبوە میوانی باوکە جوانە مەرگەکەیی و تۆشی لە غوربەتی بێکەسی و هەژاریا بەجێهێشت ، تویشووی ئاواتە ساواکانی لەگەل خۆیا برد ، چاوەکانت ژیرەو ژووربوون ، مێشکت لەکار کەوت ، وەکو مقەببا لەجێی خۆتا ووشك بوویت .

تیشکی خۆریش لەچوارچێوەی پەنجەرە تەختەکەوە خۆی کوتابوە ژوورەوە کە تاکە میوانێکت بوو لە پرسەکەی «سەربەست»دا زەرد هەلگەڕابێ و ئاگاداری مێژووی ڕۆژگاری بێکەسی و نەبوونی و هەتیوێتانی تۆمارکردبێ ، خۆرەکەش لەدورەوە گڕی تورەیی ئەڕژان .

# گەڕانەوە

**ئاریان فرج عبدالله**

**(١)**

چەند جارێ سەرت بەم لاو لای سەرینە چلکنەکەی ژێر سەرتا وەرچەرخاند. خەو لێ زڕانەکەی چەنشەوێ لەوەو بەر ئەمشەویش پێلوەکانی لە یەك تۆراند بویت. بەچمکێکی لێفەکەت سەروچاوت شاردەوە. هەروەك تەنگە نەفەس بوبیت، لێفەکەت لادا. دەزوولەی ڕوانینت بە بنمیچەکەوە گرێدا. بۆ یەکەم جارە پەڕژە نامەی ژیانت ڕوداوێکی نا ئاسای لە خۆی ئەگرێ. وا لەچەند دیمەنێکدا لە بەر چاوت نۆرە بڕی لە یەك ئەکەن و بەگژی یەکا ئەچن. زالترینیان دیمەنی کچە قەشەنگەکەی بەیانیانی ڕێ قوتابخانەت بوو چەنێ پێست بی بوو ئەتووت پەرییەکی ناو وێنەکانی حەرزەتی مریەمە. ئەفسونێکی نادیار بەرەودەریای خەیالاوی ناخی چاوەکانی کێشی ئەکردیت. شەقامەکەت لە بەر چاو ئەبوە بوارێکی بێ ڕێبوار. قامکە ناسکەکانی لە پەنجەکانت ئەئالاند. بالام دیمەنێکی تر وەك بروسکە ئاوێنەی دیمەنی یەکەمی لەبەر چاو ووردو خاش ئەکردیت. ڕووی خەندەباری هاوڕێ ساکارەکانت. تارمایی کۆلانە تەنگە بەرە تاریکە کەتان. گوزەرانی خۆتانت پێش چاو ئەکەوت، بێزارییەك چاوەکانی پێ لێك ئەنایت، بەم دیمەنە شەپۆلی ڕق و بێزاریت شێت ئەبوو بۆیە لەبەر چاوت وێلت ئەکرد... بنمیچ و دارەڕاو لایلونە داکوتراوەکەی بانی، دیوارە گلگەچەکەی ئەوبەرت، پەنجەرە بۆرەکەی ژوور سەرت، پرخە پرخەکەی باوکت ئاوازێکی دێرینەی ئەم شەوو شەوانت بوون، هەناسەیەکی گەرمت هەلکێشا.

(ژیانێکی پوچ و، ڕەش !، نەبونی، نەریت، گیروگرفت، تۆ بزانە سەمایەن جلێکی هاوچەرخ، پێکەنینێك، هەر هیچ شتێ